www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-4-2007 14:58

کەمی داهێنان و زۆری پێداویستیەکان!! ... سەرکۆ عابد محمد

بۆ ئەوەی ژیان لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا بتوانین بیپارێزین و مرۆڤانە بژین، پێویستە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەی ژیاندا ئەکەین. دیارە چۆن لێزانین و شارەزایی تەواوی دەوێت بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو جیهانێکی بێ مایە و چیتر نەتوانین چێژ لە ژیان وەربگرین، ئێستا لە وڵاتی ئێمە بەهۆی زۆری مادەو دەوڵەمەندییەوە چەندین کێشە دروست بووە و بڕبڕەی پشتی داهێنانەکانی شکاندووە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەزانینەی سەرمایەی وڵاتەکەو بەکارهێنانی بە شێوەیەکی لابەلاو بۆ مەرامی تایبەتی، کە ئەمەش زیان بە وڵات و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. ڕاستە هەموو داهێنان و کارێك پێویستی بە ماددە هەیە، بەڵام وەك دیارە لەم وڵاتەی ئێمەدا هیچ داهێنانێکی ئەتۆ لە ئارادا نیە و خەڵکی دوای تەقلید و شتی بەناو تازەگەری کەوتون و پێشبڕکێی مۆدێل و خۆنواندن بەکاڵاو شتومەکی بیانیەوە کە هەرنەك نازانێت چۆن دروست کراوە بەڵکو ناشزانێت بەکاریشێ نهێنێت، لێرەدا خۆی بەخاوەنی دەزانێ و شانازیشی پێوە دەکات لە کاتێکدا بە زەبری پارە بەبێ هیچ هیلاکیەك دەستی کەوتووە و خۆی هیچ دەستێکی داهێنکاری تێدا نیە.. لە دەرەوەی وڵاتەوە هێناویەتی.. کارەساتەکە لەوە دایە کە ئەزمونێکیش لەو کاڵایانە وەرناگیرێت تا لە داهاتوودا سودی هەبێت لە داهێنانێکی نوێی خۆماڵی دا، لەم وڵاتەدا چەندین لاو چەندین کەسایەتی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەردەچن بە بێ بەرهەمێکی دروست کراو. ئەتوانین لایەنێکی بگەڕێنینەوە بۆ حکومەت کە لەوانەیە دەستگیرۆییان نەکات، بەڵام تا ئێستا ئەو کەسانەی پێشنیاریان کردووە کەمن و بە دەگمەنە. لەمەشەوە وڵاتێکی بێ بەرهەمی خۆماڵی و بێ (ئیمتیاز) مان بۆ بەرهەم دێت کە پڕ دەبێت لە یاسای گەندەڵ و وڵات دەبێتە وڵاتێکی بخۆرو ڕەجەب ئاسا دەبێ هەر بکرێت بەدەمیانەوە... پێویستە حکومەت بەو کارانەدا بچێتەوە و دەستگیرۆیی ئەوکەسانە بکات کە پرۆژەیەکیان هەیە بۆ بەرهەمێکی خۆماڵی کارگە و شەریکات بکاتەوە تا خەڵکی بتوانن لە بەرهەمێکی خۆماڵی دا بتوانن وڵاتێکی بەرهەمهێن بەدی بێت..

دانانی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەو کادرانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەردەچن ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان کە ئەمەش زەمینەیەکی باشە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتی بەرهەمهێن..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.